www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:15 31-10-2005

# خویندگاکانی هەولیر پیویستیان بە کۆمەکی خەلکی خیرخوازە. . . . ؟ ریبین سەباح

ئەوەی سەرسامی کردم ئەوساتە بوو کە ئیمرۆ لاپەرەکانی هەفتەنامەی میدیام هەلدایەوە لەلاپەرەیەك بابەتییك یاخود بەدواداچونیکی زۆر سەیرم دیت ئەویش باسی لەوە ئەکرد کە لە ئامادەیی بارزانی نەمر لە هەولیرا لە هەر خویندکارەی 1500 دیناری بریمەر وەرگیراوە بۆ ئەوەی جامەکانی ئەو خویندگایە پی سبوغ بکەن جا لەوەش خۆشتر ئەویە کە بەریوبەری پەرەوەردەی هەولیر و وەزارەتی پەروەردە ئاگایان لەو پرسە سەیرو سەمەرەیە هەیە بەراستی کاتی بە تەواوی بابەتەکەم خویندەوە موچرکیکی سارد بە لەشما داهات چونکە ئەوەی ئیمرۆ خویندمەوە خۆی لەوەیا دەدۆزیەوە کە کە حکومەت بەتەواوی ئاگای لە بارودۆخی ئەوشارە نیە ئەوجارەیان بەتەواوی بی خاوەنی شاری هەولیرم بۆ دەرکەوت ئای هەولیرەکەم چەند دلم بەو حالەت ئەسوتی کەوا بەو شیوەیە ئەتبینم هەتا خویندگاکانی ئەو شارەش ئەگەر گرفتیك یاخود هەر پیویستیەکیان هەبیت ئەوا لە جیاتی ئیدارەی هەولیر بۆ یان چارەسەر بکات ئەوا خویندکارانی ئەو خویندگایە خۆیان ئەبیت بە پارەو ماندوبونی خۆیان چارەسەری بکەن خۆی لە خۆیا ئەگەر حکومەتەکەم بی بودجە بیت ئەوا دەمانگوت کیشە نیە زۆر ئاساییە خۆ ئەگەر خواردنی رۆژانەی وەزیری پەروەردەو بەریوبەری پەروەردە لە هەولیرا وەکو مالە خویندکاریکی هەژار بیت ئەوا زۆر ئاسایی بوو جا لەوەش خۆشتر ئەوەیە بەریوبەری پەروەردەی هەولیر هۆکاری پارە ئەو وەرگرتنەی لە خویندکارانی ئەو خویندگایە بۆ ئەوە دەگەرینیتەوە کە ئەوان تا چاوەریی ئەوەیان بکردبا کە پارەی ئەو پرۆژەیە بچوکە وەربگرن ئەوا کاتیکی زۆری پی دەچوو لەبەر بوونی رۆتینیات لە ئیدارەی هەولیر لەوەیا باسی ئیدارەی هەولیر ئەکەین بەلام ئەگەر باسیکی ئیدارەی سلیمانی بکەین شتیکی ئەوتۆی لەگەل ئیدارەی هەولیرا فەرق نیە باشە لیرەدا پرسیاری لەو بەریوبەرە بەریزە ئەکەم بی ئەلیم باشە بۆ ئەو رۆتینیاتەی تۆ باسی ئەکەی کە لۆ وەرگرتنی پارە هەیە ئەی لۆ وەرگرتنی دەعوەتی بەرپرسەکانی ئەو وەزارەتە شتە بی بایەخە تایبەتیەکانی خۆیان نیە بەیەك خولەك بۆیان خەرج ئەکریت هۆکار چیە لەو جیاوازییە گولی من خۆ ئەگەر لە وەلامی ئەو هۆکارانە بگەریین ئەوا وەلامەکەی لای هەموان دیارە پیویست ناکا من باسی بکەم با کاربەدەستانی ئەو وەزارەتە وەلامەکە لە منەوە نەبیستن باخۆیان وەلامی ئەو پرسیار بدەنەوە چونکە لە گشتمان باشتر ئەزانن ئەگەر حال ئەوا بروا ئەوا دەبیت گشت خویندگاکانی هەولیر کاتی چارەسەری هەر گرفتیکی خۆیان بکەن ئەوا دەبی گیرفانی خویندکاری مالویران مالویران تر بکریت چونکە لەبەر بونی رۆتینیات دەزگاکانی حکومەت پیویست ناکا خۆیان ماندوو بکەن بودجە کەمەکەی ئەو حکومەتە ساوایە کەمبکەنەوە نەوەك ببیتە هۆی بەرپرسەکان لەبەر کەمی پارە نەتوانن دەعوەت و دەعوەتکاری بکەن شەوانە یاخود نەتوانن پی بچنە هەندەران یاخود نەتوانن تاکی کوردی پی چەواشە بکەن بەراستی گوناهە ئەگەر توشی ئەو بارەیان بکەینەوە بەهۆی ئەرك و مەسرەفی دوبارە چاککردنەوەی خویندگاکانی هەولیر من لە کۆتاییا هاوار بۆ خیرخوازان ئەکەم با بین کەم وکورتیەکانی ئەو شارە و خویندگاکانی ئەو شارە چاك ببنە پردیك بۆ ئەوەی بەرپرسانی کورد بە هۆی ئەو پارە چاکەی هەریمی کوردستان بتوانن گشت زەوی زارەکانی کوردستان بکرنەوە یاخو پارەی خەوتوەکانی ئەوروپایان زیاتر بکەن ئەری تازە لە یادم هاتەوە 100 هەزارەکەی پاداشتی چەژن بۆ مامۆستایان و گشت کارمەندانی دەزگاکانی حکومەت ئیوە خۆش ئەویش بە دەردی فت بوەکانی پیشوو چوو چونکە پیویست ناکا باری وەزارەتی پەروەردەو حکومەتی هەریم قورس بکەین تیبگەن حکومەتەکومان ساوایە ساوا

هەولیر